قەدەغەی هاوردەکردنی مریشک و پارچەکانی لە ناوەڕاستی مانگی داهاتووەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە



ئەمڕۆ دووشەممە، وەزارەتی کشتوکاڵ، ڕایگەیاند کە قەدەغەکردنی هاوردەکردنی مریشک و پارچەکانی و بەرهەمە دروستکراوەکانی لە ١٥ی کانوونی دووەمی ساڵی 2026ـەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکی وەزارەتەکەدا، کە دەست ئاژانسی هەواڵی موتەوە کەوتووە، هاتووە: "قەدەغەکردنی هاوردەکردنی مریشک و پارچەکانی و بەرهەمە دروستکراوەکانی مریشک لە ١٥ی کانوونی دووەمی ساڵی 2026ـەوە دەستپێدەکات و دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە."